کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-10-2007 0:14بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**شیشیان و، ، قوبرس و، ، کوردستانی باشوور تەواوکاری یەکترن!! ... دلێر محمود سابیر**

کاتێ کە شۆڕشی شیشانیەکان دوای هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت گەلاڵە بوو بۆ دروست کردنی کییانێکی سەربەخۆ، بووە مایەی نیگەرانی ڕووس بە تایبەتی کە کییانەکە ئیسلامی بوو لە ناو گۆی مەمکەکانی یەکێتی سۆڤییەتی ڕووخاودا هێلنجی بیری تەسکی شیوعیەتی ئەهێنایەوە کە تا سەرئێسقان چەپرەو و شیوعیەکی بێ ڕتووش بوو، ئەمە زۆر مەترسی هەبوو لە سەر سیاسەتی بلۆکی لەت و پەت کراوی خۆر هەلات و ڕوسیای بۆلس یەلسن، ' بۆیە دەم و دەس کەوتە پیلان و درووست کردنی پشێوی بۆ ئەو دەولەتەی کە تا ڕووخا کەس ئیعتیرافی پێ نەکرد، بۆیە بێ پشت و تاقە باڵ مایەوە و هەموو مقەوەماتی بەرگری کردنی لە دەست دا، ئەوەی کە تەنها پشتیوانی بوو سەرانی القاعیدە بوو کە وەك زووتر ڕووس مارانگازی ئەو ئیسلامانە بوون لە ئەفغانستاندا بۆیە زۆرتر ئارەزووی دامرکاندنەوەو لە ڕیشە دەرهێنانی ئەو ڕژێمە کاتیەی دا و بە سیاسەتێکی هێمنانەی درێژ خایەن و بەلێنی پەیمان و هاوکارییان، هەلی هەلوەشاندنەوەی بنەڕەتی ئەو هەرێمە ساوایەی بۆ ڕەخساو توانی کۆنترۆلی سەرانسەری بکات و حکومەتێکی دەستکردی ڕووسی بۆ دانێ و خۆی ئیعتیرافی پێ بکات و ئەوسا ووردە ووردە کەوتە قەلاچۆ کردنی یەك بە یەك سەرکردەو ئەمیرەکانی، کەواتە ئەو کۆمارە ڕووخا کە پێش شەست ساڵ کورد لە کوردستانی ئێران وەك یەکەم نەتەوە لە جیهاندا دەست پێشخەری کۆمارێکی لەو شێوەیەی هێنایە ساحەی سیاسی ناوچەکەوە، کە لە یادمان ناچێ هەر هەمان ڕووس دەستی هەبوو لە هەرەسی ئەو کۆمارە ساوایەی کوردستان و لە سێدارە دانی پێشەوا نەمرەکەی، ساڵی 74 کاتێ مقۆ مقۆی گێرەشێوێنی و نا ئارامی نێوان تورك و یۆنانیە قوبرسیەکاندا گەیشتە شێوازێکی مەترسیدار، ڕژێمی ئەوسای تورك و حیزبە تۆتالیتاریەکان و نەتەوە پەرستانی تورك لە سیاسی و سەربازی، قرچە لە دلیانەوە ئەهات کە تورك لەو نیوە دوورگەیە ئەچەوسێنەوە و هیچ پشت و پەنایەکیان نیە لەوان زیاتر، بە هەر نرخێك بێت ئەبێ چارەسەرێکی ئاشتیانەی بۆ بکرێ و بتوانن بە دیالۆگ لە گەڵ حکومەتی قوبرس گفتو گۆ بیان گەیەنێتە ئاکامێکی باش، پاش ئەوەی پشێویەکە بە دەست تێوەردانی تورکە ڕەگەز پەرست و توند ڕەوە کەمالیەکان لە کۆنترۆڵ دا نەما ناچار لەشکری بۆ بەڕێ کرد تا هیچ نەبێ بەرگریان لێ بکات و کارەساتی لێ نەکەوێتەوە، بەلام بە چوونە ناوەوەی سوپای تورك بۆ ناو نیوە دوورگەکە، سنووریان بۆ خۆیان جیا کردەوەو حکومەتێکی سەر بە تورکیایان تیا درووست کرد کە تەنها و هەتا ئەمڕۆش خۆیان دانیان پیا ناوە ئەگینا (ڕەئووف دێنگتاش) هیچ شەرعییەتێکی نەبووەو نیە و تا ئێستاش لە کێشەی دەرچوونی تورکیا دەیان دانیشتن و گفتو گۆ کراوە بۆ گەڕانەوەی نیوە دوورگەکە بۆ یۆنانیەکان و ئەوسا تەوەری پێکەوە ژیان ببێتە مەساری هەموو ڕەفتار و گفتو گۆیەك، بەلام توورك هێشتا گیرە لە بەلێن و پەیمانەکانیاندا و بە نیاز نیە هەر چۆلێ کەن، دیارە کە تەعەنوتی تورك بۆ بە دەست هێنانی هەمان مەبەست، ئەم جارە ڕووی لە کوردستان کردووە و بۆنی ئەوەی لێ دێ ئەگەر یەکێتی ئەورووپاو فشاری لاوەکی تر زۆری بۆ بهێنن، دام و دەزگاو دەسەڵاتە یەك لاقەکەی قوبرس حەواڵە بە گەواڵەیەکی پێ بکات و باوە خوونی بکات بەرەو لای ئێمە، ئەوسا قوبرسێکی تر بچەقێنێ لە بن باڵی خۆیدا ئیدارەی بکات بە هەموو یارمەتییەکی مادی و مەعنەوی و لۆجیستیەوە، دوور نیە کە پارەکەشی نەکات بە لیرە، تا بۆ هەتا هەتایە لێی دەرنەچێ، بە سەرحیز بوونی ئەمریکاش لە ئاستی ڕووداوەکانا لەوە ئەچێ تیشکی سەوزی دابێت بە تورکەکان تا بەرنامەکەیان جێ بە جێ بکەن و ئەم دۆستە ستراتیجیەی خۆی لە دەست نەدات، ئەوسا ئەزلامەکانی تورك لە بەرەی تورکمانی دەست کێش ئەکەنە ملۆزم و حوکمی ئێمەی کوردی پێ ئەکەن، ئەگینا بۆ زمانی لە دەم دا نیە دوو قسەی خێر لەم کێشەیەدا بکات ئەگەرهەموو شتێك نەبڕاوەتەوە و لە سەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەموو شتێك ڕێك نەكەوتوون!! پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین كە زۆرستەمە ئێمە ساڵی 75 لە بیر بکەین كە هەمان ئەم ئەمریكایە بوو ئاسمان و زەوی كوردستانی لە دەست داین لە بەر دڵی پاسەوانەكانی خۆی و بۆیە ئەبێ زۆرمتمانە بە بوونی ئەمریكا نەكەین كە گوایە پشتیوانیمان ئەكەن لە بارو دۆخی نالەباردا، من وای تێ دەگەم و ئومێد ئەكەم وا دەرنەچێ بەڵام هەربە دوو دڵی ئەمێنمەوە لەوەی كە ئەوە نیازو مەبەستی تورك نەبێ، ئەگینا ئەم هەموو لەشكركێشیە بۆ میللەتێكی كەم دەست و چوار دەرگا لێ داخراودا چی ئەگەیەنێ، ئاگاداربن مەبەستەكە بە پەڵە هەورێكی تووڕە نیە و زوو دامركێتەوە، ئەمە لافاوەكەی تسۆنامی خۆی لێ لا ئەدا، چونكە ڕق و كینەی تورك، ، دڵڕەشی تورك بێ سنوورە و كوردیش بە هەموو شێوەیەك تەنها بەرەنگار بوونەوەو گیان بە خشینی بۆماوەتەوە، كەواتە شیشان و قوبرس بێ كوردستان نابنە دەستە خوشكێ بۆ ئازادی!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.